# یادی دوعا لەناوەندی لەندەن ڕێز لێگیرا




ڕۆژی 7–5 کاتژمیر 8 ئێوارە پاش ئیمزاکردنی 103 کەسایەتی ونووسەرو ڕۆشنبیر لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان ،مەراسیمیك بە ئامادەبوونی نۆینەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و پەنابەران و کەسایەتی ئازادی خوازو یەکسانی خواز لەناوەندی مەیدانی تراڤل گاسکۆیر لە لەندەن بۆ ریزگرتن لەیادی دوعا و دەربرینی نارەزایەتی و ئیدانەکردنی بەردەباران کردنی دوعا ورەشەکوژی ژنان ودژ بەشەر مەزهەبی بەرێوەبرا.

سەرەتا بە 2 دەقە وەستان بۆ یادی دوعا ریز لیگیرا پاشان نۆینەرانی رێکخراوەکانی ژنان پەیامی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە ترجیدیا ی کوشتنی دوعا ، دژ بەفەرهەنگی دواکەوتوانە و پیاو سالاری و ناموس پەرستی دەربری ،پاش ئیدانەی ئەم تاوانە ،داواکاری سزای توندی تاوان باران وهەموو ئەوانەی دەستیان لەئەنجام دانی ئەم تاوانەدا بوو لەدادگایەکی ئاشکرا راگەیەند ، هاوکات ئامادەبوان تاکیدیان لەسەر جیای دین لەدەولەت وگورینی یاسا بەقازانجی ژنان لەکوردستان کرد، وە جەختیان کرد لەسەردەستکۆتاکردنی دەستی عەشیرەتو خێڵ لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان .

بریاریارن دا کەمپینی رێکخراوەکانی ژنان بەردەوام بێت لەئاستی بەریتانیا و جیهاندا لەپێناو پارستنی مافەکانی ژنان لەکوردستان ویەکسانی و بەرابەری ژنان خەباتی خۆیان دریژە پێبدەن

شایەنی باسە چەند کەنالی راگەیاندن لەم مەراسیمە بەشداریان کرد.

## بەشداربوان:

- ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان
- فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی
- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق- ڕێکخراوی بەریتانیا
- ڕێکخراوی ئازادی ژن / نوێنەرایەتی دەرەوە
- کۆنگرەی ئازادی عێراق/ نوێنەرایەتی دەرەوە
- ناوەندی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ مافەکانی ژنان
- فدراسیۆنی پەنابەرانی کورد - کێرکلیس
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی – کێرکلیس

- کۆمەڵەی دۆستێنی کوردی رۆژئاوا لەبەریتانیا
- کۆمەڵەی ژنانی کورد – کێرکلیس
- کۆمەڵەی کوردی رۆژهەلات – کێرکلیس
- رێکخراوی مافەکانی ژنانی کودو ئێرانی
- کەمینی نێونەتەوەیی دژی قەتلی ناموسی

